# پەڕی دڵم

## لەخۆرەتاوەوە دێم

پەڕی دڵم

پەڕ پەڕی

پەڕگوڵی پروکاوە

سۆزی بتاوێنی دڵلاوێن

سەوزە خوێنی هەست بزوێ

دەبزوێنێ مەلی خولیام

وەنەوشەی تارا مۆر

ناسک،

ڕەزا سووک

دیاری دەستی

کیژە هۆنراوەمە.

باخەوانە پیرەم
ڕۆژ پڕکار و
شەو بێدارم
پەیامم بۆگوڵان:
بێ جیاوازی ڕەنگ وبۆ
بۆ ڕوو سووری یەکگرن.

**ڕەحمان سۆفی**